بن سەلمان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی ترەمپ وەک سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەکات



ئاژانسی هەواڵی فەرمی سعوودیە باویکردووەتەوە، محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا کردووە و پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی وەک سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکردووە.

لە میانی پەیوەندییەکییاندا، باسگاکانی هاوکاری نێوان سعوودیە و ئەمریکا تاوتوێ کراوە بە هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری بە ناوچەی هێڕشاتی ناوەڕاست، ئەم جگە لە بەهێزکردنی هاوکاریی دوو قۆڵی بە بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر،

ئاژانسەکە ئاماژەی بۆش کردووە، لە گفتوگۆکەی نەوانیاندا، باس لە پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان کراوە لە بوارە جیاجیاکاندا، بۆ پێیەی شازادەی جێنشین ئاماژەی بە توانای ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کردووە، هەروەها سعوودیە خواستی خۆی بە فراوانکردنی کەرتی وەبەرهێنان و پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە چوار ساڵی داهاتوودا بە بڕی 600 ملیار دۆلار خستووەتە ڕوو.

ترەمپ دوای دەستبەکاربوونی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، پرسیاری ئەوەی لێکرا ئایا یەکەم وڵات کوا دەبێت کە سەردانی بە بکات؟ لەوەڵامدا گوتی "بەریتانیا، بەڵام لە خوولی پێشووم سعوودیە بە بڕەی 450 ملیار دۆلار بڕەهەمکانی ئەمەریکا کڕیوو، بۆیە ئێگەر ئەمجارەش سعوودیە بە 500 ملیار دۆلار بڕەهەمی وڵاتەکەمان بکڕێت، ڕۆنگە یەکەم شوێن بێت بۆی بچم."